# Süd-und Zentralkurdisch/Sorani

**1. بەڵێندارێتی بۆ بەندوباوی بنەڕەتی دیمۆکراتیکی ئازاد**

"من بەڵێندار دەبم بە بەندوباوی بنەڕەتی دیمۆکراتیکی ئازادی یاسای بنەڕەتی بۆ کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا. بەتایبەت بە فەرمی دەناسم:

a. مافی خەڵک، لە جێبەجێکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدان و لە ڕێگای دامودەزگا تایبەتەکانی یاسادانان، دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و دادوەریی و هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک بە گشتی، ڕاستەوخۆ، ئازاد، بەرابەر و نهێنی لە هەڵبژاردنەکاندا،
b. پابەندبوونی یاساکان بە یاسای بنەڕەتی و پابەندبوونی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و دادوەریی بە یاسا و دادپەروەریی،
c. مافی پێکهێنان و جێبەجێکردنی ئۆپۆزیسیۆنێکی پارلەمانی،
d. توانستی قبووڵکردنی جیایی دەوڵەت و بەرپرسیارێتی ئەوە لە بەرانبەر نوێنەرایەتی خەڵک،
e. سەربەخۆیی دادگاکان،
f. دووری لە هەر جۆرە ملهوڕی و  توندوتیژیی،
g. مافی مرۆڤی دیاریکراو لە یاسای بنەڕەتی و
h. ئەوەی کە کردەوەی دژمجوولەکە، ڕەگەزپەرستانە یان کردەوە نامرۆییەکانی تر، لەگەڵ گەرەنتی کەرامەتی مرۆیی یاسای بنەڕەتی نەگونجاوە و لەگەڵ ئەم بەڵێندارێتییە لە دژایەتیدایە.

**2. بەڵێندارێتی بۆ بەرپرسیارێتی مێژوویی تایبەتی ئەڵمانیا بۆ حکوومەتی نایاسایی ناسیۆنال سۆسیالیست**

"من بەڵێندار دەبم

a) سەبارەت بە بەرپرسیارێتی مێژوویی تایبەتی ئەڵمانیا بۆ حکوومەتی نایاسایی ناسیۆنال سۆسیالیست و دواهاتەکانی ئەوە، بەتایبەت بۆ پاراستنی ژیانی جوولەکەکان، و هەروەها
b) بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانەی خەڵک و قەدەغەبوونی جێبەجێکردنی شەڕی دەسدرێژیکارانە".

**3. ڕاگەیاندنی ئەمەگداریی**

"من ڕادەگەیەنم کە هیچ هەوڵێک بەدواداچوون ناکەم یان پاڵپشتی لە هیچ هەوڵێک ناکەم کە

a) لە دژی بەندوباوی بنەڕەتی دیمۆکراتیکی ئازاد، بوونێتی یان هێمنایەتی دەوڵەتی فیدراڵ یان ویلایەتێک بێت یان
b) ئامانجی ئەوە بێت کە بە شێوەی نایاسایی زیان بگەیەنێت بە ئاکاری فەرمی دامودەزگاکانی یاسای بنەڕەتی فیدراڵ یان ویلایەتیی یان ئەندامانی ئەوانە یان
c) لە ڕێگای بەکارهێنانی زۆرەوە یان کردەوەی سەرەتایی بەم مەبەستە، بەرژەوەندییە دەرەکییەکانی کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا بخاتە مەترسییەوە.

**4. هەروەها**

"من لە بەدواداچوون یان پشتگیریی پێشوو لە وەها هەوڵگەلێک دووریم کردووە".